# حکومەتی هەرێمی کوردستان

# وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی

## "مانەوەی خێزان، مانەوەی گەلێکە"

## ڕاگەیەنراوی تایبەت بە ڕۆژی جیهانی خێزان – 2016

**ئامادەکردنی :**

**( بەشەکانی : پارێزگاری خێزان، پلان و هەماهەنگی )**

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێریی و گەشە پێدانی کۆمەڵایەتی**

**لە پارێزگای سلێمانی**

سلێمانی – 15.5.2016

www.socialsuli.com

# مانەوەی خێزان، مانەوەی گەلێکە

**پێشەکی:**

ڕۆژی 15ی ئایاری هەموو ساڵێك، بە بڕیارێکی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە ساڵی 1993ەوە تایبەتە بە قسەکردن‌و تەرخانکردنی بەرنامەو تیشك خستنەسەر گرنگترین یەکەی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا کە خێزانە، ئێمەش لەمساڵدا بەناوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێریی‌و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتییەوە لە پارێزگای سلێمانی، بە پێویستی دەزانین سەرەڕای خۆشحاڵی‌و پیرۆزبایی لە گشت خێزانەکانی کوردستان، تیشك بخەینە سەر بابەتێکی هەرە گرنگ کە جێگەی نیگەرانی هەموومانە، ئەویش جیابوونەوەی خێزانەکانە، لە ڕێگەی خستنەڕووی هۆکارەکانی‌و دەرئەنجامە خراپەکانی بۆ تاکەکانی خێزان‌و تێکڕای کۆمەڵگە، ئەم پەیپەرو بۆچوونەشمان بۆ ئەو مەبەستەیە کە تەرکیزی کۆمەڵگەی کوردستانی‌و تێکڕای دامەزراوە حکومی‌و ناحکومییەکان بۆ کارکردن بۆ خێزان وەرگێڕین، بە تایبەت دەمانەوێت ڕوو لە دامەزراوە گرنگەکانی وەك ڕاگەیاندنەکان بکەین‌و داوایان لێ بکەین بە بایەخەوە لە بەرهەمە میدیاییەکانیان بڕوانن‌و بزانن کە هەر هەڵەیەك لە ڕووی کۆمەڵایەتی‌و دەروونییەوە، هەر دەرچوونێك لە ئاراستەی بەهێزکردنی خێزان، مانەوەی، یەکگرتوویی، کاریگەریی گەورەی دەبێت لەسەر داهاتووی کۆمەڵگەکەمان، هەروەك دواتر سەرەڕای تیشك خستنە سەر خێزان بە کورتی، باسمان لە هۆکارەکانی جیابوونەوەو هەڵوەشانەوەی خێزان کردووە، ئەمە سەرەڕای ئاماژەدان بە دەرئەنجامە خراپەکانی هەڵوەشانەوەی هەر خێزانێك، هەربۆیە داوامان لە سەرجەم کۆمەڵگەی کوردستانی‌و پێکهاتەکانی پارێزگای سلێمانی ئەوەیە بە گرنگییەوە لەم بابەتە بڕوانن‌و هەموو پێکەوە بە ئاراستەی بەهێزکردنی خێزان‌و سەرکەوتنی کاربکەین، تا لە دەرئەنجامی بەهێزی خێزان‌و سەرکەوتنییەوە گەل‌و وڵاتێکی بەهێزو سەرکەوتوومان هەبێت.

## یەکەم: لەبارەی خێزانەوە

خێزان، کە لە دیاك‌و باوك‌و منداڵ پێکدێت، بە بچوکترین‌و گرنگترین یەکەی کۆمەڵایەتی هەژماردەکرێت کە گەل‌و میللەتان پێکدەهێنێت، هەروەك خێزانێکی بەهێز، پڕ لە ڕێزو خۆشەویستی، تێگەیشتوو، پێگەیشتوو، دەبێتە هۆی سەرەتای دەستپێکی ژیانێکی دروست بە شێوەیەکی گشتی لای تاك.

خێزان کۆمەڵێك ئەرکی جیاجیای پێ سپێردراوە، لە ئەرکە کۆمەڵایەتی‌و پەروەردەی‌و ئابوریی‌و جۆراوجۆرەکانی تر، ئەگەر خێزان بەهاوکاری دامەزراوە حکومی‌و ناحکومییەکان بەباشی بە ئەرکە جۆراوجۆرەکانی تری هەستا، لەنێو خۆدا بەهێزبێت، یەکگرتوو بێت، لانەیەکی ئارام بێت، ئەوە ئەگەری لادانەکان، خراپەکارییەکان، لاوازییەکان، لە نێو تاك‌و کۆمەڵدا کەم دەبنەوە، بە پێچەوانەشەوە، هەرچەند خێزان بە ئەرکەکانی سەرشانی هەڵنەستێت، بێ شیرازە بێت، پەرتەوازە

بێت، لاوازبێت لە هەموو ڕوویەکەوە، ئەوە گەل‌و وڵات ڕووبەڕووی کۆمەڵێك کێشەی جۆرو جۆری کۆمەڵایەتی، دەروونی، سیاسی دەبێتەوە کە چارەسەرکردنیان تێچووی زۆری دەوێت.

هەربۆیە دەتوانین بڵێین پەیوەندییەکی راستەوانە هەیە لەنێوان ئاستی سەرکەوتنی خێزان لەلایەك‌و کۆمەڵگە لەلایەکی ترەوە، بە ڕادەیەك بەبێ خێزانێکی بەهێزو سەرکەوتوو گەلێکی بەهێزو سەرکەوتووش بوونی نابێت، مادەم تێکڕای گەل لە تاك‌و نەوەی خێزانەکان پێکهاتبێت.

## دووەم: جیابوونەوەی ژن‌و مێرد، هۆکارو دەرئەنجامەکانی لە کۆمەڵگەدا

لەم بەشەدا ئێمە تیشك دەخەینە سەر هۆکارەکانی جیابوونەوە، ئەوەش بەهۆی بەرزبوونەوەی بەردەوامی ڕێژەی جیابوونەوەی خێزان بەپێی ڕێژەی گرێبەستەکانی هاوسەرگیری لەلایەك‌و کەمبوونەوەی ڕێژەی هاوسەرگیریی لەلایەکی ترەوە، ئەو داتایانەی لە پاشکۆی ئەم پەیپەرەشدا خراونەتە ڕوو لە ئاستی شاری سلێمانیدا لە دادگای باری کەسێتی لە سلێمانی وەرگیراون، ئەمە لە کاتێکدا لە شارو وڵاتانی تر ڕێژەی بەرزترو ڕێژەی نزمتریش هەیە، بەڵام ئێمە دەمانەوێت تیشك بخەینە سەر بەرزبوونەوەی بەردەوامی رێژەکە لە پێنج ساڵی ڕابردوودا لە سلێمانی .

### 1- جیابوونەوە (تەڵاق):

جیابوونەوە (تەڵاق) بریتییە یە لە جیابوونەوەی ژن‌و مێرد لەیەکتر پاش ئە وەی ئەو دووکەسە ناتوانن بەیەکەوە ژیانێکی ئاسایی‌و ئارام بەسەربەرن‌و توانای خۆ گونجاندنیان نامێنێت بەیەکەوە بۆیە لەیەکترجیادەبنەوەو دووردەکەونەوە لەیەکتر و هەر یەکێکیان بەجیا لەوی تریان دەژی.

### 2- هۆکارەکانی جیابونەوە (تەڵاق):

کۆمەڵێك هۆکار هەیە کە دەبێتە هۆی جیابوونەوەی ژن‌و مێرد کە هەوڵ دەدەین ئەو هۆکارانە ڕوون بکەینەوە:

#### أ. هۆکاری جیاوازی بۆچوون‌و باری کۆمەڵایەتی:

یەکێك لەهۆکارەکانی جیابونەوە لەئەنجامی جیاوازی بۆچوون‌و بیرکردنەوەی هەر یەکێك لەژن‌و مێردەوە دروست دەبێت، کاتیك ئافرەت بۆچوونی جیاوازە لەگەڵ مێرداو گەشەکردنی کۆمەڵایەتیان جیاوازە لەیەکتری، بۆنمونە: ئافرەت بڕوای وایە کە دەبێت خێزان پەیوەندی کۆمەڵایەتی بەهێزبێت لەگەڵ دەوروبەری‌و حەز لە تیکەڵاوی‌و سەردانیکردنی خەڵکی تر دەکات‌و حەزدەکات خەڵك سەردانیان بکات، بەپێچەوانەوە پیاوەکە حەز لە تیکەڵاوی کۆمەڵایەتی ناکات‌و حەز لەسەردانیکردنی خەڵك ناکات، یان بە پێچەوانەوە، یان کاتێك پیاو بۆچوونی وابیت کە دەبێت

مناڵیان زۆربێتو بۆچوونی ژنەکەش بەپێچەوانەوە، ئەم هۆکاری جیاوازی بیرکردنەوانە لەئەنجامی لەیەکتر تێنەگەیشتنو ڕەتکردنەوەی بۆچوونی یەکتری دەکرێت یەکێك بێت لە هۆی جیابوونەوە.

**ب. کاریگەری دەوروبەرو خزمان:**

زۆرجارهۆکاری دەوروبەر کاریگەری دەبێت لەسەر جیابوونەوەو نەگونجانی ژنو مێرد، وەك هۆکاری دەستتێوەردانی کەسو کار یان کەسانی دەوروبەرو ئەو کەسانەی کە ڕۆژانە پەیوەندییان هەیە لەگەڵ ئەو ژن و مێردەدا، کاتێك ئەمانە کاریگەریان زیاتردەبێت کە ژنەکە یان مێردەکە بکەونە ژێر کاریگەری ئەو کەسانەوە، بۆنموونە هەندێك کات دایکی ژن داوا دەکات کە بەجۆرێك کچەکەی مامەڵە لەگەڵ مێردەکەی بکات کە کاریگەری دەبێت لەسەر پەیوەندی نێوان ئەو ژنو مێردە، هەندێك کات کەسو کاری مێردەکە داوا دەکەن کە کوڕەکەیان لەشوێنێك بژی یان جۆرێك مامەڵە بکات کە کاریگەری لەسەر ژیانی خێزانی نێوان ژنو مێردەکە دەبێتو دەبێتە هۆی جیابوونەوەی ژنو مێردەکە لەیەکتر.

**ج. هۆکاری ئابووری:**

هۆکاری ئابوری کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر جیابوونەوەی ژنو مێرد هەیە، کاتێك ژن یان مێرد لەئاستێکی جیاوازی ئابووریدابن ئەمە کاریگەری دەبێت لەسەر نەگونجانی ژنو مێرد، بەتایبەتی ئەگەر ژنەکە لەخێزانێکی دەوڵەمەندبێتو پێشتر لەسەر شێوازێکی ژیان ڕاهاتبێتو لە ژیانی لەگەڵ مێردەکەیدا نەتوانێت ئەو پێداویستییانە دابین بکات کە پێشتر هەیبوە، هەروەها کاتێك ژنو مێرد نەتوانن پێداویستییەکانی ژیانی خۆیان دابین بکەن، بۆیە کاریگەری دەبێت لەسەر گونجاندنیان، ئەم بارە قورسە ئابوررییەی ئێستا لە هەرێمی کوردستان دروست بووە کاریگەری دروست کردووە لەسەر ڕێژەی هاوسەرگیری، هەروەها لەسەر ڕێژەی جیابوونەوە.

**د. هۆکاری ناپاکی هاوسەرگیری (الخیانە الزوجیە:(**

یەکێکی تر لە هۆکارەکان بریتیە لەناپاکی هاوسەریی، کاتێك ژن ناپاکی هاوسەری بەرامبەر مێردەکەی بکات کاریگەری دەبێت لەسەر ئەوەی مێردەکەی ئەوە قبوڵ نەکاتو لەیەك جیا ببنەوە، بە پێچەوانەشەوە کاتێك پیاو ناپاکی بەرامبەر هاوسەرەکەی بکات بەهەمانشێوە کاریگەری دەبێت لەسەر جیابوونەوەو بەیەکەوە نەژیانو نەگونجان.

**ە. ساردی سۆزی نێوان ژنو مێرد:**

کاتێك ژن هەستی خۆشەویستی نەبێت بۆ مێردەکەی یان بەپێچەوانەوە، کاریگەری دەبێت لەسەر جیابوونەوەی ژنو مێرد، کە ساردی سۆز و هەست دەربڕینو چۆنیەتی مامەڵەکردنی نێوان ژنو مێرددا دەردەکەوێت.هەر یەکێکیان هەست بەکەمی گرنگیدانی کەسی بەرامبەری دەکات بەهەستی

مێردەکەی یان ژنەکەی یان لەچۆنیەتی دەربڕینەکانیان بەرامبەر بەیەکترو ڕێزگرتنی یەکترو ڕێزگرتن لەبیروبۆچوون‌و هەستەکان بەرامبەرەکەی، زۆرجار هەر یەکێکیان ئەم هۆکارانە دەگەڕێنێتەوە بۆبوونی کەسی تر لەژیانی هاوسەرەکەیدا، هە روەها یەکتر قبوڵ نەکردن‌و بەیەکەوە نەگونجاندنیان.

**و. ساردی سێکسی لەئەنجامی هۆکاری دەروونی بێت یان جەستەیی بێت:**

ساردی سێکسی کاریگەری دەبێت لەسەر نەگونجانی نێوان ژن ومێرد، هەندێك کات ئەو هۆکارانە هۆکاری دەروونی وەك دوو دڵی‌و ڕاڕایی‌و ڕەشبینی کە کاریگەری دەبێت لەسەر ساردی سێکیسی‌و گونجاندنی سێکس

**ز. هۆکاری منداڵ:**

هەندێك کات یەکێك لە هۆکارەکانی جیابونەوە هۆکاری منداڵ نەبوونە، ئەگەر منداڵ نەبوونەکە لەژنەوە بێت یان لەپیاو، بۆیە کەسی بەرامبەری پێی وایە بەشێکی ژیانی ژن‌و مێردایەتی منداڵ بوونە بۆیە ئەم هۆکارە زۆر جار دەبێتە نەگونجان‌و لێك جیابوونەوەی ژن و مێرد.

**ح. هۆکاری باوەڕ نەبوون بەیەکترو هەڵنەگرتنی بەرپرسیاریەتی:**

هە ندێك کات ژن‌و مێرد یەکێکیان باوەڕی بەوی تریان نیەو گومانی هە یە لەبەرامبەرەکەی‌و لەکارەکانی‌و کردارەکانی. زۆر جار ژن یان مێرد بەرپرسیاریەتی خێزانی هە ڵناگرێت‌و گرنگی بەخێزان نادات‌و ئەرکەکانی سەرشانی ڕاناپەڕێنێت، کە ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەرجیابوونەوە و لێك تێنەگەیشتنی ژن و مێرد.

**ط. هۆکارە دەروونییەکان :**

هۆکارەکانی وەك دوو دڵی‌و ڕاڕایی‌و ڕەشبینی‌و غیرە کردن‌و هەندێك لە هۆکارە ژیرییەکانی وەك شیزۆفینیاو مانیاو کاتانویاو بارانویاو هەریەکێك لەهۆکارە دەروونی‌و ژیرییەکان کاریگەری ڕاستەوخۆیان دەبێت لەسەرجیابوونەوەو لێك تێنەگەیشتنی ژن و مێرد.

**ی. ـ هۆکاری هاوسەرگیری پێش وەختە:**

هاوسەرگیری پێشوەخت یەکێکە لە هۆکارەکانی جیا بوونەوە کە لە ئەنجامی لیك تێنەگەیشتن‌و نەتوانینی هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی هاوسەرێتی‌و پاپەند بوون بە بەها گشتیەکان، یەکێکی ترە لە هۆکارەکانی جیا بوونەوە.

# سێیەم : کاریگەری جیابوونەوەی ژن‌و مێرد:

أ. جیابوونەوە کاریگەری دەبێت لەسەر ژن‌و مێرد، کاتێك ژنەکە تەنها دەبێت یان پیاوەکە بۆشایی سۆزی بۆ دروست دەبێت هەندێك کات هەست بە شکست دەکات لە ژیاندا، هەروەها کاریگەری کۆمەڵایەتی دەبێت وەك تێڕوانینی کۆمەڵگا بۆ دوو کەسەکە، بە بێوەژن یان بێوە پیاو ناودەبرێت‌و وا سەیر دەکرێت کەئەم دوو کەسە کێشەو گرفتیان هەیەو توانای گونجانیان نییەو هەندێك کات وەك خاڵی لاوازی دوو کەسەکە تەماشادەکرێت، هەروەها جیابوونەوە کاریگەری لەسەر ژن‌و مێرد دروست دەکات بەتایبەتی کاتێك منالْیان هەبێت کە ترس دروست دەبێت بۆ منالْەکان بۆ چۆنیەتی پەروەردەکردن‌و گەورەکردن‌و پاراستنی منالْەکەو گرنگیدان بەمنالْەکە.

ب. جیابوونەوە کاریگەری دەبێت لەسەر باوەڕ بەخۆبوون‌و بڕیاردان‌و چۆنیەتی هەڵبژاردنی ستایلی ژیان لەسەر ژن‌و مێردی جیابووەوە، کاریگەری دەروونی وەك ترس‌و ڕەشبینی‌و دوودڵی دروست دەکات لای ژن ومێرد، هەروەها کاریگەری دروست دەکات لەسەر تێڕوانینی سلبی بەرامبەر بەڕەگەزی بەرامبەرو گرانی سەرلەنوێ هەڵبژاردنەوەی کەسێکی ترو دروستکردنی ژیانێکی تازە.

**ج. کاریگەری جیابوونەوە لەسەرمنالْ:**

جیابوونەوەی دایك و باوك کاریگەری دەبێت لەسەر منداڵ، وەك:

- هەست کردن بەنەبوونی کەشی خێزانی، کاتێك دایك‌و باوك جیا دەبنەوە منالْەکە هەست بە نەبوونی کەشی خێزانی دەکات‌و هەست بەوە دەکات کەدایك‌و باوکی منالْەکان لەماڵێکدا کۆنابنەوە، ئەمەش کاریگەری لەسەر ڕەفتارو باری دەروونی منالْەکە دەبێت، هەروەها منالْەکە هەست بە لەدەستدانی گرنگی یەکێك لەئەندامانی خێزانەکەی دەکات کە دایك یان باوکە کە ئەمەش دەبێتە هۆی لەدەستدانی پێداویستی دایکایەتی یان باوکایەتی (حاجە الامویە أوالابویە).

- منداڵ هەست بەتوڕەیی‌و بێزاری دەکات بەرامبەر بەدایك‌و باوکی، وا هەست دەکات کە ئەوان تاوانیان بەرامبەر بەم کردووە و بێ بەشیان کردووە لە مافێکی خۆی کەمافی بوونی دایك‌و باوکە لە ژیانیدا، کە زۆرجار ئەم توڕەییەی بۆ دەوروبەرەکەی دەردەبڕێت.

- هەست بەخەمۆکی کردن، منداڵ لە ئەنجامی جیابوونەوەی دایكو باوکی هەست بە خەمۆکی دەکاتو ڕەشبین دەبێت بەرامبەر دەوروبەری‌و ئارەزووی ئەنجامدانی کارەکانی کەم دەبێتەوەو هەست بەپشتیوانیکردن ناکاتو دوو دڵ دەبێت لەئەنجامدانی کارەکانیدا.

- نەبوونی کەشی خێزانی کاریگەری دەبێت لەسەر گەشەی ژیریی منداڵ، هەروەها لەسەر گەشەکردنی لایەنی جەستەیی‌و کۆمەڵایەتی منداڵ، هەر کاتێك منداڵ خۆشەویستی‌و ئارامی لە دەستدا، ئەوا گەشەکردنی مناڵەکە هێواشتر دەبێت.


- دروستکردنی هەستی شەڕەنگێزی بەرامبەر بەدەوروبەری‌و بەرامبەر بەدایك وباوکی، بەردەوام هەست دەکات تاوانی بەرامبەر کراوە و تۆڵەی ئەو تاوانانە بکاتەوە کە لێی کراوە.

# پاشکۆی ئامارو داتاکان

## ئامارو داتاکانی هاوسەرگیریی بە پێی داتاکانی دادگای باری کەسێتی سلێمانی


### خشتەی ژمارە ( 1 ): ئاماری هاوسەرگیریی و جیابوونەوە بۆ ساڵی 2010

| ڕێژەی سەدی جیابوونەوە بەپێی ژمارەی هاوسەرگیریی | جیابوونەوە | هاوسەرگیریی |
|---|---|---|
| %17.70 | 2430 | 13724 |





### خشتەی ژمارە ( 2 ): ئاماری هاوسەرگیریی و جیابوونەوە بۆ ساڵی 2011

| ڕێژەی سەدی جیابوونەوە بەپێی ژمارەی هاوسەرگیریی | جیابوونەوە | هاوسەرگیریی |
|---|---|---|
| %27.86 | 4295 | 15414 |




## خشتەی ژمارە (3): ئاماری هاوسەرگیریی جیابوونەوە بۆ ساڵی 2012

| ڕێژەی سەدی جیابوونەوە بەپێی ژمارەی هاوسەرگیریی | جیابوونەوە | هاوسەرگیریی |
|---|---|---|
| %24.01 | 4088 | 17020 |





## خشتەی ژمارە (4): ئاماری هاوسەرگیریی‌و جیابوونەوە بۆ ساڵی 2013

| ڕێژەی سەدی جیابوونەوە بەپێی ژمارەی هاوسەرگیریی | جیابوونەوە | هاوسەرگیریی |
|---|---|---|
| %28.98 | 4322 | 14911 |




## خشتەی ژمارە (5): ئاماری هاوسەرگیریی‌و جیابوونەوە بۆ ساڵی 2014

| ڕێژەی سەدی | جیابونەوە | هاوسەر گیری |
| --- | --- | --- |
| %36.50 | 2932 | 8032 |




## خشتەی ژمارە (6): ئاستی هاوسەرگیریی‌و جیابوونەوە بەپێی ساڵەکان




## خشتەی ژمارە (8):

**ئامارو داتای هاوسەرگیریی‌و جیابوونەوە لە تەمەنی (15 ساڵ بۆ 20 ساڵ) لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان بەپێی داتای ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان**

| ساڵی 2015 | هاوسەر گیری | جیابونەوە | ڕێژەی سەدی جیابوونەوە بەپێی ژمارەی هاوسەرگیریی |
|---|---|---|---|
| (٦) مانگی یەکەم | 10870 | 1571 | %14.45 |

**وێنەو خشتەی ژمارە (9):**

**ڕێژەی سەدی جیابوونەوە لە پرۆسەکانی هاوسەرگیریی پێشوەختە بە پێی ئاستی پارێزگاکان**

